# تارماییەکانی هیدایەت



موراد فەرهادپور
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

پێش هەموو شتێک دەبێت بڵێم نە نیەتی ئەوەم هەیە کە دەربارەی بەهای ئەدەبیی بەرهەمەکانی هیدایەت قسە بکەم نە تواناشیم هەیە، چونکە شارەزاییم لە ئەدەبی هاوچەرخی ئێراندا زۆر کەموکورت و پەرشوبڵاوە. هەروەها سەبارەت بە کارەکتەر و کەسایەتیی هیدایەتیش، چ بەرهەمە ئەدەبییەکانی و چ لێکۆڵینەوەکانیشی، هەر خاوەن ڕا و بۆچوون نیم. بەڵام سەرباری ئەمانە لەو ڕووەوە دەربارەی هیدایەت دەدوێم کە تەنیا نوسەرێک نیە و بەس، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان سێبەری قورسی تارماییەکەی، یان باشترە بڵێم تارماییەکەی هێشتاش هەر بە سەر شانی خۆمان و کەلتورەکەمانەوەیە .

دوای ئەم هەموو ساڵە، هەم بۆ ڕۆشنبیران و نوسەران و هەم لە چاوی خەڵکی ئاساییشەوە، هیدایەت بە جۆرێک سیمبوڵی سەرەکیی هونەرمەندانە و ڕۆشنبیرانە دەژمێردرێت و تەنانەت سەرکوتی ئایدۆلۆژی و خەروارگەلێک تۆمەت و بوختانیش نەیتوانیوە ئەم سێبەرە لەناوببات، یان تەنانەت کاڵیش بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەمڕۆ تارمایی هیدایەت ئاسۆی ڕەمزیی کەلتوری ئێمەی بە شێوەیەکی فراوانتر گرتۆتەوە. «بوون بە سادقیهیدایەت» لە ڕاستیدا خەون و ئارەزووی شاراوە و ئاشکرای هەموومانە، ئارەزووی ئاگایانە و نائاگایانەی هەموو نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئێرانییە. هەموان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئارەزوومەندن کۆپییەکی هیدایەت بن یاخود ببنە هیدایەتی دووەم و ئەم ئارەزووەش هێندە بەهێزە کە دەتوانرێت لە پانتاییە ئایدۆلۆژییەکانی ڕاستگەرای پەرگیرییشدا بەتەواوی هەستی پێبکرێت، واتە تەنانەت لەو جێگایانەشدا کە هیدایەت لە بنەڕەتەوە وەکو ڕووخسارێکی تەواو نێگەتیڤ پیشاندەدرێت، دیسان ڕۆڵی ڕەمزی و سیمبوڵیی خۆی دەگێرێت و سێبەرەکەی هێشتا هەر ئامادەیە.

بەڵام هۆکاری ئەم دەسەڵاتە ڕەمزییە گشتگیرە چیە؟

لەبیرمە چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕاپرسییەک لە نێو گەنجاندا ئەنجامدرا دەربارەی ئایکۆنە بەناوبانگ و دیارە ئێرانییەکان. لەناو ئەو دە ئایکۆنەدا کە ناودەبران هیدایەت تاکە ڕۆشنبیر بوو، باقیی ڕووخسارەکانی تر وەرزشی و سیاسی و لەو جۆرانە بوون. هیدایەت لەو لیستەدا لە یەکەمینەکان بوو، هاوکات ئەو کەسانەش کە لە ڕاپرسییەکەدا بەشدار ببوون، بەشێک نەبوون لە نوخبە و ڕۆشنبیران، بەڵکو وەک دەوترێت عامەی خەڵک زۆرترینی پێکدەهێنا.

بۆیە هیچ گومانێک لە ئامادەیی ئەم سێبەرە و کاریگەرییەکەی ناکرێت و و بەدرێژایی چل ساڵی ڕابردوو تارماییەکەی یان تارماییە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ ئێمەدا بوون و قورساییان خستۆتە سەر شانمان. گومانم هەیە بتوانرێت هۆکارگەلێک بۆ ئەم ئامادەییە

قورسە ڕەمزییە بدۆزرێتەوە. هەندێک لەو هۆکارە باوانە دەژمێرم کە ڕەنگە لە سەرەتادا بە زەینماندا بێن و، پاشان باسی ئەوە دەکەم کە بۆچی ئەم هۆکارانە هۆکاری بنەڕەتی نین .
خاڵی یەکەمیان، ژیانی پڕ ئازار و چەرمەسەریی هیدایەتە، یان هیدایەت وەکو سیمبوڵی ئازاری ڕۆمانتیکە کە لەگەڵ ڕووخساری باوی "ڕۆشنبیر" لە ئێراندا جووتدێتەوە. حاڵەتێکی تر، خۆکوشتنەکەیەتی. حاڵەتی سێیەم، ڕۆڵ و کاریگەری و دەربڕینی سیمبوڵێکی خودی ڕۆمانی "کونەپەپووی کوێر"ە بەتایبەت لەوێوە کە پەیوەندیی بە مێژوو و کەلتووری ئێمەوە هەیە و ئەو ڕۆڵەشی کە لەم ڕووەوە دەیگێڕێت. چوارەم هۆکاریش، ئیعتیبار و ناوبانگی جیهانیی هیدایەتە وەک بەناوبانگترین ڕۆشنبیری ئێران لە جیهاندا .
سەرەتا دەبێت ئەوە بسەلمێنین، کە بۆچی ئەم هۆکارانە، هۆکاری سەرەکی نین، تاوەکو دواتر بچینە سەر ئەوەی کە بە لای منەوە هۆکاری سەرەکییە .
تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ئازارچەشتنەوە هەیە، پێویستە بڵێین ئازارچەشتن بە تاقی تەنیا نابێتە فەزیلەت و پێویستی بە هیچ بەهرە و توانایەکی تایبەت نییە. هەموو مرۆڤەکان ئازاردەچێژن و بگرە زۆرێک هەن بەراورد بە هیدایەت دەکرێت ئازارێکی زیاتریان چەشتبێت، ئەم پەیوەندییە زاتییەی نێوان ئازارچەشتن و بوونی نوسەر(و هونەرمەند)، کڵێشەیەکی ڕۆمانتیکییە، کە لای ئێمەی ئێرانییەکان و لە کەلتوری ئێمەدا بەقووڵی جێی خۆی گرتووە. لە ئەنجامی هەندێ هۆکاری وەک هەبوونی سێ هەزار ساڵ پێشینەی ستەمکاریی ئاسیایی و پلیشانەوەی تاک لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتی ڕەها و سەرکوتکارەوە، ئەو تێڕوانینەی لە نێوان فەزیلەت، بەتایبەت فەزیلەتی فیکری و ئازارچەشتندا پەیوەندییەکی زاتی هەیە و بۆتە باوەڕی هەمیشەیی ئێمە: «تەنیا ئەو گوناهەت بەسە، کە تۆ ئەهلی فەزڵ و عیلمی».
دەگەڕێینەوە سەر خۆکوشتنەکە. پێم وانییە بتوانین خۆکوشتنی هیدایەت لەبنەڕەتەوە وەک نیشانەی "ئارەزوو بۆ مەرگ" دابنێین، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە خۆکوشتنەکەی سەرکەوتوو و سەرگرتوو بوو، هەڵبەت وێناکردنی پەیوەندیی نێوان خۆکوشتن و ڕۆشنبیربوون دیسان کڵێشەیەکی ڕۆمانتیکی دیکەیە کە زۆرجار دەربارەی کەسانێک ڕاست دەردەچێت خۆکوژیی سەرنەکەوتوو ئەنجامدەدەن. خۆکوشتن بە وتەی لاکان، بە مانایەک لە ماناکان تاکە کردەی سەرکەوتووە، واتا هەر کردەیەک جۆرە هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو، لەکاتێکدا مادام ئارەزوو هیچکات بەدیناهێنرێت، بەڵکو ڕێک ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ دروستدەبێت و سەرکەوتن و تێربوونی ڕاستەقینە هیچ کاتێک بەدی نایەت. لەسەر ئەم بنەمایە، خۆکوشتن تاکەکردەی تەواو سەرکەوتووە، چونکە لەخۆکوشتنی ڕاستەقینەدا ئارەزووی مرۆڤ ڕووەو مەرگە و مەرگیش ڕوودەدات. عاقیبەت و کارکردی ئەم کارە، بێ چەندوچونە و ئەنجامەکەیشی هەر ئەو جەستەیەیە، کە لەو ناوەدا کەوتووە: سەلماندنی بڕینەرەوە و حاشاهەڵنەگری بەدیهاتنی ئارەزوو و سەرکەوتنی کردەکە. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو باسەی لێرەدا

ئەنجامی دەدەین، چونکە من وای نابینم بایەخی هیدایەت لە هیچ جۆرە سەرکەوتنێکەوە سەرچاوەی گرتبێت. بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، خاڵی بنەڕەتی، شکستەکەیەتی و ئەمەش ئەو باس و خواسەیە کە دواتر دێینەوە سەری. کەواتە ناشێت خۆکوشتنیش وەکو هۆکار سەیربکرێت. سەرەڕای ئەمە، خۆکوشتن تەنیا وەکو بەشێک لە کۆی شوناسی ڕەمزیی هیدایەت مانای تایبەتیی خۆی وەردەگرێت و کاریگەر دەکەوێتەوە (واتە لە هەناوی ئەو باسەدا کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری). گەرنا ژمارەی ئەو نوسەر و ڕۆشنبیرانە کەم نین کە ئێستا و ناوە ناوە خۆیان کوشتووە و پێویستیش ناکات ناویان بێنینەوە. نابێت ئەو خاڵەش لەیادبکەین کە بە هەرحاڵ لە کەلتورە ئیسلامییەکاندا خۆکوشتن زۆر کەمە و ئەمەش تا ڕادەیەک کاریگەریی هەبووە لە ناساندنی هیدایەتدا وەکو ڕووخسارێکی سەیر و سەمەرە.

تا ئەو جێیەش کە پەیوەندیی بە "کونەپەپووی کوێر"ەوە هەیە و پەیوەندیی ئەم ڕۆمانەش بە دوالیزمی ئەفسانەیی/مێژوویی یان غەیبانی/دونیایی کەلتوری ئێمەوە، ئەم مەسەلەیە دەتوانێت کاریگەری دابنێت و ڕوون و ئاشکراشە شیکردنەوەی دەرکەوتەکان و دەرەنجام و پاشهاتەکانی ئەم دوالیزمە بۆ خۆی کلیلێکە. گەرچی ئەمە خاڵێکی گرنگە و من دەمتوانی باسەکەم پەیوەست بە هەمان باس و خواس فراوان بکەمەوە، بەڵام وازم لەمە هێنا چونکە ئەم کارە پێشووتر لە لایەن بەڕێز "ئیسحاقپور"ەوە و بەناوی "لەسەر ئارامگای هیدایەت"ەوە بە جۆرێکی ناوازە ئەنجامدراوە. ئەم کتێبە بە باشترین شێوە بەرهەمەکانی هیدایەتی شیکردۆتەوە و بە بڕوای من تاکە تەفسیرێکی ورد و واقیعیانەی "کونەپەپووی کوێر"ە .

سەبارەت بە ئیعتیبار و ناوبانگی جیهانیی هیدایەتیش، ناچارم تۆزێک لە باسەکە لا بدەم. ئەمڕۆ ئەوە سینەماکارانن کە بە ڕووخساری جیهانی و نوێنەرانی کەلتوری ئێمە لە جیهاندا دەژمێردرێن، ناوبانگی کەسانێکی وەک شاملۆ و ساعیدی و عەلەوی و بەهرامی سادقی و... . بە هیچ شێوەیەک جێی بەراوردکردن نین لەگەڵ ناوبانگی فلان فیلمسازدا، بەڵام لانیکەم ڕیشەیەکی ئەم ناوبانگە زۆرجار هیچ نیە جگە لە ڕکابەری و حەسودی و ڕقی فیستیڤاڵەکانی ئەوروپا (وەک دەگوترێت) دەرهەق بە هۆڵیود کە بازاڕی هەموویانی کزکردووە و هەندێ جاریش تەنانەت لەڕووی هونەرییشەوە لە ئەوروپییەکان زۆر باشتر فیلم بەرهەمدێنێت. سەرباری ئەو ئیعتیبارەی کە لەم هونەری حەوتەمەوە (وەک دەگوترێت) سەرچاوە دەگرێت بە ڕادەی هونەرەکانی تر بەردەوامیی نابێت، بەتایبەت کاتێک ئەم ئیعتیبارە بەرەنجامی ئەو فیلمانە بێت کە ناوەڕۆکی تا ڕادەیەک هەمیشەییان منداڵانی دایک ونبووە (پێدەچێت –هاچی مێشەنگ- و –کوڕە ئازاکە کرابێتنە سەرمەشق)، لە هەندێ حاڵەتیشدا تێکەڵکردنی واقیع و فیلمە داستانییەکانە. زۆرینەی ئەمانە، فیلمگەلی زۆر سادە و بەدەر لە هەر جۆرە تەکنیکێکن، لە کاتێکدا تەکنیک بنەمای سەرەکیی سینەمایە و گەر فیلمسازێک بیەوێت بڵێت فیلمەکەی من

تەکنیکی نیە، ئەوا تەواو هەوڵدەدات لەسەر بنەمای ئەخلاقی کۆیلەکان، هەژاری وەکو فەزیلەت بناسێنێت.

ئەم جۆرە فیلمانە، دەمخاتەوە بیری ئەو قسەیەی بێکێت کە دەربارەی مۆندریان دەیوت: «تابلۆکانی مۆندریان زەوقی مرۆڤ تێکدەدات دەربارەی نیگارکێشان». هەڵبەت با تێپەڕین لە سوهرابی شەهیدثالث کە کاتێ ئەم فیلمانە مۆدێل نەبوون و فیستیڤاڵە بیانییەکانیش هێشتا لەگەڵ هۆلیوددا دەستەویەخە نەبوونەوە، ئەم ستایلەی داهێنا و تاکو کۆتاییە لۆژیکییەکەی رایکێشا.

بەهەرحاڵ با ئەم لەباسلادانە جێ بهێڵین و بگەڕێینەوە بۆ ناوبانگی جیهانیی هیدایەت. دەتوانم بڵێم کە خودی ئەم ناوبانگەش ئەسڵی کێشەکە ڕوون ناکاتەوە، تەنانەت سەرباری ئەم ڕاستییەش کە ئێمە وەک نەتەوەیەکی نەرجسی (کە گرنگی بە کەلتوری ئەوانیتر نادەین و بەقووڵی بڕوامان وایە جیهان ستەمی دەرهەق کردووین و کەلتوری دەوڵەمەند و دەسکەوتە زانستییەکانی ئێمەیان لەبەرچاو نەگرتووە) نرخێکی گەورە دادەنێین بۆ دەرکەوتنمان لە جیهاندا. بەڵام دیسان هەر پێم وانیە بتوانرێت ناوبانگی هیدایەت بە هۆکاری سەرەکیی ئامادەییە ڕەمزییەکەی بزانین. وێڕای ئەوەی هیدایەت بەشێک نەبوو لە براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ و ناوبانگە جیهانییەکەشی زۆرجار لە فەرەنسا تێناپەڕێت .

ئەی کەواتە وەڵامەکە چیە؟

بە بڕوای من تاکە وەڵامی درووست ئەوەیە هیدایەت لە کارەکەی خۆیدا شکستی هێنا، هەر ئەو شکستەی کە دیسان بە وتەی بێکێت، ڕووی ڕاستەقینەی نوسەربوونە و تەنیا نوسەر دەتوانێت ئەزموونی بکات. لێرەدا بەڵگەنامە و بنەمای قسەکانم بریتی دەبێت لە یادەوەرییەکانی هاوڕێیەکەی هیدایەت، واتە ئاغای فەرزانە .
هیدایەت بەر لە خۆکوشتنی، لە دوو دەستنوسیدا کە دوایین بەرهەمی بوون، دەفەوتێنێت. سەرباری ئەو هەموو فێڵەی کە هاوڕێیەکەی بۆ ڕزگارکردنی ئەو دوو دەستنوسە دەیکات و، ئاشکرا بە خودی ئەم کەسەش دەڵێت- بە وردی دەربڕینەکەیم بیر نیە بۆیە ناوەڕۆکەکەی باس دەکەم-« چیتر نامەوێت بنوسم» و بە دیاریکراوی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «چیتر نامەوێت بە فارسی بنوسم، بە ڕادەی پێویست نوسیومە، دوای ئەمە لێگەڕێن با ئەوانیتر بنوسن، من ئیتر ماندوو بووم لەم ئیشە» .
خاڵێکی گرنگی تر کە لەم یادەوەرییانەدا دێتەبەرچاو ئەوەیە کە هیدایەت نزیکەی شەش مانگ پێش خۆکوشتنی دەڵێت «تازە گەیشتوومەتە ئەو جێیەی کە نوسەربوون بە مانا ڕاستەقینەکەی دەستپێبکەم و تازە فێربووم کە ڕاستییەکەی چۆن بنوسم» و یان وەک دەگوترێت لە لوتکەی کارەکەیدا بوو، واتە شکستی هیدایەت و دڕینی ئەو دوو بەرهەمە و ئەو خاڵانەش کە خستیەڕوو، دەرخەری شکستەکەی ئەون. ئەم شکستە لە لاوازییەوە

سەرچاوەی نەگرتووە و لەم ڕووەوە دەکرێت بەراوردی بکەین بە شکست لای نیچە، شکستێک کە لە هێزەوە سەرچاوەدەگرێت .

ڕێک بەو جۆرەی کە بێکێت دەیوت، ئەم شکستە لە جورئەتەوە سەرچاوەی گرتووە. لەڕاستیدا، شکستخواردنی ئەو کەسەیە کە تازە گەیشتۆتە جێیەک کە دەتوانێت بە بڕوای خۆی نوسەربوون دەست پێبکات، بە جێیەک کە تازە سەروەختی نوسین و پێگەیشتنی دەست پێدەکات، بەڵام ڕێک شەش مانگ دوای ئەمە، دەستنوسەکانی دەدڕێنێت و خۆی دەکوژێت .

ئەمانە خاڵگەلی پەیوەستن بە هیدایەتەوە، سەرەنجام دەبێت مەسەلەی شکست لە کۆ و گشتدا سەیربکەین نەک تەنیا لە شکستی تایبەتی هیدایەتدا. مەسەلەی گشتیی شکست لەڕاستیدا جۆرە دەستەوەسان و بێتواناییەکە لە دەربڕیندا، ئەویش لە ساتەوەختی ناچارکردن بە دەربڕیندا. دەکرێت نمونەگەلێکی تری شکست لەم شێوازە ناو ببەین کە بەناوبانگترینیان کافکایە. ئەگەر ماکس برۆد هەردوو ڕۆمانی گرنگی "کۆشک" و "دادگایی" لەسەر وەسیەتی کافکا خۆی بسوتاندایە، ئەوا ئێستا ئێمە ئەوانەمان لە بەردەستدا نەبوو. ڕەنگە زۆرێک لە عاشقانی ئەدەب لەم قسەیە بێتاقەت ببن و هاتوهاواریان لێ بەرزببێتەوە، بەڵام بە بڕوای من گەر لەو دوو ڕۆمانە تەنیا چەند پارچەیەی بمایەتەوە ئەوا دەشیا کافکا بەها و ئیعتیبارێکی زیاتری لە ئێستا هەبوایە .

نمونەیەکی تر مالارمێیە. لە وتارێکدا کە سارتەر لەبارەی مالارمێوە نوسیویەتی ئاماژە بەوە دەکات مالارمێ لە کۆتایی تەمەنیدا بەهۆشیارییەوە ئەو وێنایەی لە چواردەورەکەیدا دروستکردبوو کە سەرقاڵی نوسینی شاکاری کۆتاییە بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەت نادات ئەم شاکارە بنوسێت و دەبێتە بایسی ئەوەی کارەکەی بە ناتەواوی بمێنێتەوە. لەم حاڵەتەشدا دەبینین کە شکست لە لوتکەدا ڕوودەدات و، بە وتەی سارتەر، شکستەکە شکستی شاعیرێکی بیست ساڵەی ڕۆمانتیکی نیە بەڵکو شکستی شاعیرێکی پەنجا ساڵەیە کە دەکەوێتە لوتکەی کارەکەی خۆیەوە، لە بڕگەیەکدا کە هەموو سەختییەکانی تێپەڕاندووە و بە تەواوی بەسەر حەسرەتی خۆیدا زاڵ بووە. هەڵبەت ئەمە ئەفسانەیەکە مالارمێ خۆی لەناو چواردەورەکەیدا دروستیکردبوو. دواجار، دەکرێت ئاماژە بۆ بێکێت و گفتوگۆکەی بکەین لەگەڵ "دووتویی"دا. بەڵام بەر لە باسکردنی گفتوگۆکە، ئاماژە بۆ نوکتەیەکی بەناوبانگ دەکەم .
نوکتەیەک هەیە کە تیایدا هاتووە، بەر لە جەنگی واتەرلۆ، ناپلیۆن دەڵێت فەرەنسییەکان لەپێناوی حەیا و حەیسیەتیاندا دەجەنگن. دۆک ولینگتۆنی سەرداری سوپای ئینگلیز لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیەدا دەڵێت: «زۆر ڕاستە، هەموومان لە پێناوی ئەو شتەدا شەڕدەکەین کە نیمانە». لە ڕاستیدا هەمووومان بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێین کە نیمانە و گەر قبوڵمان بێت کە شوناسمان هەمان ئارەزوومان بێت، ئەوا کەواتە شوناسمان

بریتییە لە هەمان ئەو گەڕانە، گەڕان لەپێناوی شتێکدا کە نیمانە. کەواتە شوناسی ئێمە ئەو شتە نیە کە هەمانە بەڵکو لەڕاستیدا ئەو شتەیە کە نیمانە، شوناسی ناوەکییمان ئەو شتە نیە کە هەین، بەڵکو ئەو شتەیە نیین و دەمانەوێت ببین . کەواتە دەتوانین بڵێین هەرکەسێک لەو شتەوە کە ئێمە وەکو کۆ نیمانە، نزیکتر بێت ئەوا لە شوناسی دەستەجەمعیشمانەوە نزیکترە-واتە شوناسی دەستەجەمعیمان لەو شتەدا کورت دەبێتەوە کە نیمانە و جەوهەرەکەی لە غیاب و نەبووندایە. کەواتە ئەو کەسەی لەو نەبوونەوە لە هەمووی نزیکترە، باشتر لە هەر کەسێکی تر دەتوانێت ئەم شوناسە دیارینەکراوە دەستەجەمعییە لە خۆیدا دەربخاتەوە . شکستخواردن واتە قبوڵکردن و بەردەوامی بەخشین بەم گەڕانە لەساتەوەختی بێتواناییدا و، ئەمەش شوناسی نوسەر دروستدەکات. نوسەر بەپێچەوانەی هەموومانەوە کەسێکە کە بە تەنیشت ئەم شکستەوە دەژی، بە تەنیشت ئەم نەبوونەوە، بە تەنیشت ئەم غیابەوە، لە ناوەوەش ڕا هۆشیارانە ئەم کارە دەکات و هێزی پێ دەبەخشێت. دوتوویی لە بێکێت دەپرسێت، مەبەستت لە شکستخواردنی نوسەر چیە؟ دەتەوێت ئەم دۆخی شکستە چۆن ڕوون بکەیتەوە؟ «کارێکی سەخت دەبێت گەر داواتان لێ بکەم ئەم دۆخە و ئەم کردەیە کە دەیدەیتە پاڵ-ڤان ڤوڵد- جارێکی تر بە سادەترین شێوازی مومکین ڕوونبکەیتەوە .

بێکێت: «دۆخەکە، دۆخی کەسێکە کە تیاماوە و دەستەوەسانە لە کردەدا-لەم حاڵەتە تایبەتەدا دەستەوەسان و بێتوانایە لە وێنەکێشان- چونکە ناچارە بەوەی نیگاربکێشێت. کردەکەش کردەی کەسێکە گەرچی تیاماوە و دەستەوەسانە لە کاردا، بەڵام کار دەکات- لەم حاڵەتە تایبەتەدا نیگار دەکێشێت-چونکە ناچارە بەوەی نیگاربکێشێت ».

دوتوویی: بۆچی ناچارە نیگاربکێشێت؟

بێکێت: نازانم .

دوتوویی: بۆچی تیاماوە و دەستەوەسانە لە نیگارکێشاندا؟

بێکێت: چونکە نە هیچ شتێک هەیە نیگاری بکێشرێت و نە هیچ شتێکیش کە نیگاری پێ بکێشرێت .

لەناو هەموو ئەوانەدا کە بە نوسەری گەورەیان دەزانین، هیچ کەسێک شک نابەم کە لەبنەڕەتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنجی ڕووە و توانا تەعبیرییەکانی خۆی و حەسرەت و دواجار توانا تەعبیرییەکانی مرۆڤایەتی نەبێت. لە بونیادی هەر جۆرە نیگارکێشییەکدا ئەم گریمانەیە نوستووە کە ڕووبەری کەسی بنیاتنەر یان داهێنەر، هەمان ڕووبەری شتە مومکین و بەدەستهێنراوەکانە، زۆر دەربڕین، کەم دەربڕین، توانای

زۆر دەربڕین، توانای کەم دەربڕین، هەموویان لە شتێکدا کۆدەبنەوە، لە خەم و وەسوەسەی گشتیدا بۆ دەربڕین تا سەرسنوری مومکینات، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە ئەوپەڕی هەوڵ و توانا».

دەبێت ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە ڕستەکانی کۆتایی *ناوهەڵنەگر*(unnamable)یش هەمان بابەت دەردەبڕێت: «ناتوانم بەردەوام بم، دەبێت بەردەوام بم، بەردەوام دەبم». لێرەشدا کەسەکە دەستەوەسان و تیاماوە لە کارەکەدا، بەڵام کاریش دەکات. من پێم وایە بێکێت دەیتوانی لە جیاتیی ئەو «نازانم»ـە بڵێت لەبەر ئەوە نیگارکێشی دەکات چونکە نیگارکێشە. بەوجۆرەی کە لە یەکێک لە شانۆنامەکانیدا ئەم ناواخنەی بەکاردەهێنا کە زیندووەکان هیچیان لە دەست نایەت ژیانکردن(زیندووبوون) نەبێت. زیندوون و مادام زیندوون دەبێت بژین، کەواتە بە دەستەوەسانەوە لەهەمبەر ژیانکردندا درێژە بە ژیان دەدەن .
قەیرانی هونەر(نوسین) خۆی لە شێوەی کەڵکەڵە و وەسوەسەدا پیشان دەدات بۆ دەربڕین، چونکە مادام ڕێک هەموو نوسەران بە دوای دەربڕینەوەن، پەڕ و باڵیان دەبەسترێت و دوچاری هەمان کەڵکەڵە و وەسوەسەی دەربڕین دەبن. بە وتەی بێکێت، هەموان سەرنجیان ڕوو لە توانا تەعبیرییەکانی خۆیانە یان لەڕاستیدا سەرنجیان ڕوو لە کەسی داهێنەر و نوسەر و بنیاتنەرە کە بڕیارە لە ڕووبەری شتە مومکینەکان و بەردەستەکاندا کاربکات. بەڵام کارە مومکین و بەردەستەکان واتە ئەو شتانەی کە هەن، لەکاتێکدا ئێمە لەڕاستیدا دەربارەی ئەو شتانەی کە نین قسەماندەکرد، دەربارەی غیاب و نوقسانی و یان ئەویتر و ئەویترێتییەک کە درووستکەری زاتی ئێمەیە .

شوناسی ڕاستەقینەی نوسەریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە نیەتی، بۆیە بە شێوەیەکی سەیر نوسەر دەبێت لە دەرەوەی ڕووبەری شتە مومکین و بەردەستەکان کاردەکات و ئاشکرایە کە شکستدێنێت، چونکە کارکردن لە دەرەوەی قەڵەمڕووبەریڕەوی شتە مومکینەکان واتە نامومکین کارکردن و، کارکردن بە نامومکین واتە شکست و، ***نوسەریش کەسێکە وەکو کەسی شۆڕشگێڕ جورئەتی ئەم شکستەی هەیە***. ئێستا ئەم ناواخنی سکشتخواردنە ڕەنگە بشێت کەمێک تیۆریتر دەربڕین، هەوڵدەدەم بەپوختی تا ئەو جێیەی کە دەشێت ئەم مەسەلەیە، واتە مانای گشتیی ئەم شکستە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی لاکاندا دەربارەی زمان و پانتایی ڕەمزی(THE SYMBOLIC) دا ڕوونبکەمەوە. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم پانتایی ڕەمزییەش ڕێک وەکو خودی خۆمان، وەکو شوناسی خۆمان، کە ئەویش شوناسێکی ڕەمزییە، پانتاییەکی پارادۆکسانە و تەمومژاوی و نایەکانگیر و ئاوێتەیە بە بۆشایی یان چاڵ و، خۆگرتن و درووستبوونیشی پەیوەستە بە هەمان چاڵەوە. کەواتە دەتوانرێت بوترێت شکستخواردن، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئێمە دەخاتە پەیوەندییەوە لەگەڵ کۆی کایەی ڕەمزی و کۆی زمانەوە. ئەم شکستە-بە ڕۆیشتن تا سنوری کۆتایی زمان بەمەبەستی ناسین و پێناسەکردنی کۆی

زمان و بە شکاندنی هەمان سنور (کە ئەنجامیی ناچارەکیی هەوڵی نوسەرە، ڕێک هەروەکو ئەنجامەکانی هەوڵی کانت بۆ کێشانی سنور یان ختستنەڕووی پێناسەیەک سەبارەت بە گشتێتی و کۆیەتیی عەقڵ)-ئێمە لە تەنیشت هەمان چاڵەوە جێدەکاتەوە کە بنیاتنەر و درووستکەری **گشت**(کل)ی نایەکانگیر و پارادۆکسانەی زمانە .

شکست ڕووبەڕووماندەکاتەوە لەگەڵ گشتێتی(کلیت)ی زمان و پانتایی ڕەمزیدا، واتە لەگەڵ شوناسمان، لەگەڵ ئارەزوومان، لەگەڵ نەستماندا. شکستی نوسەر، نهێنیی دەسەڵاتی زمان و پانتایی ڕەمزی دیاریدەکات، واتە نهێنیی دەسەڵاتی کەلتور و کۆمەڵگە و ئایدۆلۆژی و ئەوەش کە بۆچی ئەوانە زاڵ و سەروەرن بە سەرماندا . ئەم مەسەلانە ڕێک لەبەر فۆرم و ئەو **گشتە** داپۆشەرەی کە هەیانە ئێمەش دەگرنە خۆیان، سەرەنجام خودی ئەم گشتێتییە لەلایەن ئەو مەسەلە پارادۆکسەوە، لە لایەن ئەو چاڵەوە، شکڵ و کۆیەتی وەردەگرێت و نوسەر لەبەر ئەوەی لە تەنیشتی ئەو چاڵەوە دەژی، کۆی زمان و پانتایی ڕەمزی و دەسەڵاتەکەیان ئاشکرادەکات. ئەم شکستە کە هەم دەستەوەسان لە وتن و هەم ناچارکردن بە وتن، هەم دەستەوەسان لە درێژەدان و هەم خودی درێژەدان دەگرێتەوە، خۆی ئەو نهێنییە ڕاستەقینەیەی پانتایی ڕەمزییە و لەئەنجامدا درووستکەری هەمان جەزبە و دەسەڵات و، بە هەمان ئەندازەی خودی پانتایی ڕەمزی یان کەلتور، واقیعی و ڕاستەقینەیە. ئەم شکستە بە شێوەیەکی یەکسان هەم ڕاستە و هەم درۆش، ئەمە هەمان **گشتی** ناکۆک و نەسازی هیگڵییە کە هەم کەلتوور، زمان، پانتایی ڕەمزی، زەینیەتی مرۆڤ و هەم بە دەربڕینە فرۆیدییەکەش، نەستیش دەگرێتەوە. کەواتە نوسەر جورئەتی شکستخواردنی هەیە و ئەمەش نهێنیی دەسەڵات و بەرهەمەکەیەتی، جورئەتی وەستان بە سەر لێواری چاڵەکەوە، بەسەر لێواری کونی زەین و، زمان و جیهانەوە. ڕێک هەمان وەستان بەسەر لێواری کونی زەین و، جیهان و زمانەوەیە کە لەڕاستیدا نوسەر دەگۆڕێت بۆ ئەو ڕووخسارە ڕەمزییە بەهێزەی کە سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر کۆی کەلتورەکە .

بەڵام با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ شکستە تایبەتییەکەی خودی هیدایەت و دەسەڵاتی ڕەمزیی تارمایی هیدایەت لە کەلتوری ئێمەدا تا ئەمڕۆکە. پێم وایە سەبارەت بە هیدایەت، کێشەی سەرەکیی بێهودەیی نوسین بوو بە زمانی فارسی. ئەو دەیزانی نزیکەی دە ملیۆن خوێنەری نوستوو و نەهاتوو(بالقوە)ی فارسیی هەیە کە زۆرترینیان نەخوێنەوارن و بۆیە پرۆسەی نوسینەکەی بەتەواوی بێهودە و بێمانایە. لە هەمان کاتدا، هیدایەت سەبارەت بە کەلتور و کۆمەڵگای هاوچەرخی خۆی بەتەواوی نامۆ و لە هەردووکیان بێزار بوو. بۆنمونە، ئەو ئاماژە بەردەوامانەی کە دەیکرد بۆ پیاوە نزم و نەوییەکان. گەر سەیری بەرهەمێکی وەک *تۆپی مرواری* بکەین، ئەوا ئەم بێزارییە بەتەواوی ڕەنگی تیا داوەتەوە. سەرباری ئەمەش دەتوانرێت بوترێت کە بکوژانی هیدایەت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمومانین. ئەگەر سەیری ژیانی بکەین دەبینین دەوڵەت، نەتەوە،

خانەوادە، حیزبی تودە، دەربار، ئەریستۆکرات، عەوام، هاوڕێکانی، دوژمنان و بەکورتی هەموان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە شکستی هیدایەت و شکستی ژیان و کارەکەی و خۆکوشتنەکەیدا بەشداربوون. پێم وایە ئەم بەشدارییەی هەموومان لە شکست و خۆکوشتنی هیدایەتدا، بۆ خۆی خەسڵەتێکی سیمبولێکی هەیە و پێم وایە ڕەنگە بشێت ئەم خەسڵەتە بە کۆمەکی یەکێک لە تیۆرەکانی فرۆید ڕوون بکەینەوە، واتە تیۆری تەوتەمی فرۆیدی .

هەمومان دەزانین تەوتەم گیانەوەرێکە کە هۆزێک دەیکاتە قوربانی و پاش قوربانیکردن دەیخوات و لە ڕێگەی خواردنییەوە ئەندامەکانی هۆزەکە لەگەڵ ئەو گیانەوەرەدا دەبنەیەکێک و ئەم مەسەلەش زەمینەی موقەدەسبوونی ئەم گیانەوەرە سازدەکات بۆ ئەو هۆزە .
دەبێت هیدایەت وەکو گرنگترین تەوتەمی هۆزی ڕۆشنبیران و نوسەرانی ئێران بناسرێت. دەتوانین بڵێین کە ئێمە لە ڕێگەی قوربانیبوونی هیدایەتەوە، کە بریتییە لە شکستەکەی، بە شێوەیەکی ڕەمزی لەگەڵیدا یەکدەگرین و دەبینە یەکێک. شکستی هیدایەت لەڕاستیدا هێمای دەستەوەسان و شکستی کەلتوری ئێمەیە. لە منەوە تەنیا وەکو بیروڕایەک ئەوە وەربگرن کە ڕۆمان و چیرۆکنوسیی ئێران شکستی خواردووە و بێ مەلامەت نیە کە لە دونیاشدا دەرنەکەوتووە. ئێمە نوسەر و چیرۆکنوسی باشمان نیە، کەسێک کە تەنانەت شیاوی بەراوردکردنیش بێت بە "یۆسا"، ئەم شکستە لە کایەی ڕۆمان و تەنانەت کەلتووریشدا کورتناکرێتەوە و دەتوانین بەئاسانی ئەوە پیشانبدەین کە لە پانتایی پیشەسازی، زانست، تەکنۆلۆژیا و لە هەمووشی گرنگتر کایەی سیاسەتیش بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، ئێمە جار دوای جار شکستمان خواردووە و تا ئەو کاتەی ئەم شکستخواردنە درێژەی هەبێت، ئەم یەکگرتنە لەگەڵ هیدایەتدا بەشێوەیەکی سیمبوڵی و گۆڕینی هیدایەت بۆ تەوتەم درێژەی دەبێت .

لەڕاستیدا، مادام ئێمە هیچ شکستێک بەشێوەیەکی ئاگایانە ئەزموونناکەین و ناتوانین قبوڵی بکەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، نەرجسیەتمان هەمیشە جۆرە سەرکەوتنێک دەخاتە بەردەممان، کەواتە هیچ کاتێک ئاگایانە سەیری ناوەوەی چاڵی پانتایی ڕەمزی ناکەین و هەروا وەکو قوربانیی ئەو کۆیەتی و گشتێتییە دەمێنینەوە کە کەڵەکەبووە لە فریو و ئایدۆلۆژیای پانتایی ڕەمزی. چونکە ماهیەتی ئەم پانتاییە تەنیا بۆ ئەو کەسانە ئاشکرادەبێت کە بتوانن لە تەنیشتی ئەو درزەوە بوەستن و سەیری ناو چاڵەکە و خەرەندەکە بکەن. ئێمە ناتوانین سەیری ناوەوەی ئەو چاڵە، سەیری ناوەوەی شکستی کەلتوریی خۆمان بکەین لە سەد ساڵی ڕابردوو و تەنانەت سێ هەزار ساڵی ڕابردووشدا، لەئەنجامدا ناتوانین ئاگایانە ئەم شکستە قبوڵبکەین و لەبەر ئەوەی ناتوانین قبوڵی بکەین، ئیدی دەستەوەسان دەمێنینەوە بۆ دەربڕینی .
بە وتەی بێکێت، ئێمە هەمیشە لە ڕووبەری شتە مومکین و بەردەستەکاندا لەقەفرتێ

دەکەین و بەم هۆیەشەوە تا ئەو کاتەی کە نەتوانین لە پشتی قاوغی بەرگریی دەمارگیری، نەرجسییەت، سینیزم(کەلبی مەسلەکی) لەگەڵ نادڵنیایی و ترسی فەردی و دەستەجەمعیی خۆماندا ڕووبەڕوو ببینەوە و، بۆ یەکەمین جار لە کۆتی وەسوەسە و ترسی دەربڕین ڕزگاربین و لەئەنجامدا بتوانین بەڕاستی شت دەرببڕین و دابهێنین، تا ئەو کاتە، سێبەری قورسی تارمایی هیدایەت بەسەر سەرمانەوە دەمێنێتەوە.

سەرچاوە:

- پارەهای فکر، مراد فرهادپور، اشباح هدایت، طرح نو، چاپ دوم، ١٣٩٢.